دۆسیەی لاهور جەنگی بورهان لە سلێمانی دەمێنێتەوە و ناگوازرێتەوە بۆ هەولێر

میدیای فەرمی یەکێتی رایدەگەیەنێت، خودی لاهور جەنگی بورهان و تۆمەتبارانی دیکەش، هەر لە سلێمانی دەمێننەوە و تەنیا دۆسیەکەیان بۆ وردبینیی تەمیزی، دەڕواتە هەولێر، بەپێی یاسا بەرکارەکانیش، هەر تاوانێک لە ناوچەیەک رووبدات، دەبێت تۆمەتباران لە هەمان دادگای ئەو شوێنەی تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، دادگایی بکرێن بەپێی تایبەتمەندیی سنووری رووداوەکە.

میدیای فەرمی یەکێتی لە زاری سەرچاوەیەکەوە بڵاویکردۆتەوە، دوای ئەوەی ئەمڕۆ تۆمەتباران بەمەبەستی دادگاییکردن بەپێی ماددەی 58 لە یاسای سزادانی عێراقی برانە بەردەم دادگا، کە پەیوەستە بە (ئیتفاقی جینائی) رێککەوتنی تاوانکاری، لەسەر داوای پارێزەرانی تۆمەتبار (لاهور جەنگی بورهان و هاوەڵەکانی) کە داواکەیان ئاراستەی دادگای پێداچوونەوەی (تەمیز) هەرێمی کوردستان کردبوو و داوای پێداچوونەوەیان لەو دۆسیە کردبوو، لە بەرامبەردا بەمەبەستی وردبینی، دادگای تاوانەکانی سلێمانی دۆسیەکەی رەوانەی دادگای تەمیزی هەولێر کرد، تەنیا بۆ پێداچوونەوە بەو بڕیارانەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا دراون.

سەرچاوەکە یاساییەکە رەتیشیکردەوە، دۆسیەکە بەمەبەستی بڕیاردان و لێکۆڵینەوە، رەوانەی هەولێر کرابێت و رایگەیاند، تەنیا بۆ پێداچوونەوە رەوانەی دادگای پێداچوونەوەی (تەمیز) هەولێر کراوە. کە ئەمەش لە رووی یاساییەوە ئاساییە و بۆ هەموو کەیسێک دەکرێت.

ئاماژەی بەوەشکردووە، جگە لەم دۆسیەیە، تۆمەتبار (لاهور جەنگی بورهان و تۆمەتبارانی هاوڕێی)، بە دۆسیەیەکی دیکە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی تایبەت بە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست لە دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی.

ئەمەش لە کاتێکدایە شادومان مەلا حەسەن ئەندامی باڵای بەرەی گەل بە میدیای نزیك لەپارتی وتویەتی، "دادگای سلێمانی، بڕیاریداوە، دۆسیەی لاهور شێخ جەنگی، بگوازرێتەوە هەولێر".